# ڕەگو ڕیشەی دەسەڵات

**ن: جان بێرفەرنان**

**و: عوسمان حەسەن شاکر**

موس فینلی لەوکتێبەدا کە بەناونیشانی (دیموکراسیەتی کۆنو نوێ) وەیە، دەنووسێ: (گریکەکان تەنها دیموکراسییەتیان دانەهێناوە، بەڵکو سیاسەتیشیان داهێناوە، واتە هونەری گەیشتن بەبڕیاردان لەڕێگای دایەلۆگەوەو پەیڕەویکردنی ئەم بڕیارانە وەك مەرجێکی پێویست بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی شارستانی) (الاکتشاف، ١٩٧٣ و ١٩٧٤ ص١٢)

هاوڕابوونی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ فینلیدا، بوار بۆگەلێك پرسیار دەکاتەوە. یەکێك لەو پرسیارانە پەیوەستە بەماوەو کاتەوە، ئەگەر دانانو دیاریکردنی کاتی دامەزراندنی دیموکراسیەت ئاسان بێت، ئەوا دەتوانین ئەوساتە بەمێژووی شکڵ گرتنی (سیاسی) دابنێین؟ ئایا مەسەلەکە پەیوەندی بەچەمکی شاری یۆنانییەوە هەیە لەسەدەی حەوتەمدا ، یان لەسەدەی شەشەمی زاییندا یان لەپێش ئەو ماوەیەدا بووە؟ ڤان ئیڤینێر (EFENTERRE) پێی وابوو کەدەتوانێ بەجیاکردنەوەی شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکان، بوونی هەندێك بەڵگە لەسەر ئەوە ئاشکرابکرێت کە لەشارستانێتی کریتی مەکینیدا وەك بوونی گۆڕانێکی گشتی وایە. واتە لەوانەیە نەك دەرکەوتنی سیاسەت کۆنتر بێت، بەڵکو ڕەنگە لەشوێنێکی تریش هەبووبێ. مارك ئەبیلیس (MARK ABELES) لەکتێبەکەیدا (شوێنی سیاسی) ئاماژەی بۆ بوونی شوێنێکی وەکو ئەم شوێنە کردووە لەباشووری ڕۆژئاوای ئەسیوبیا لەنێو گەلانی ئۆشولودا (OCHOLLO) کە ئاشنابوون بەگۆڕەپانی گشتیاو ئەنجومەنو چەند شێوازێك لەهاووڵاتی بوون. ئەمە بەو مانایە دێت کە لەوانەیە لەهەندێك گردبوونەوەی مرۆیدا دیاردە سیاسییەکان هەبووبێت، بەڵام لەحاڵەتی گریکییەتیدا هەر تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێ لەبەرئەوەی سیاسەت تێیدا شکڵێکی زۆر چڕو ڕێکخراو هۆشیاری لەخۆگرتبوو، بەشێوەیەك کە جڵەوی بواری کۆمەڵایەتی گرتبووە دەستو بەپێی ویستی خۆی دووبارە پێناسەی کردبۆوەو ئەو هۆکارانەشی کە سروشتێکی مێژوویان هەیە تیایدا فرەنو بەسەر چەند پانتاییەکی جیاوازدا دابەش دەبن. زاڵبوونی ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی کە بە (POLIS) ناوی بەرین، واتە دەوڵەت شار(المدینە الدولە).

بۆئەوەی دەوڵەت شار (POLIS) بدۆزرێتەوە (اختراع)، بەڕای من پێش مەرجێك هەیە کەلەشیکردنەوەدا چانسی خۆی پێنەدراوەو بەبڕوای من شتێکی بابەتیشە ئەویش بریتییە لەو ڕێگایەی کەلەکاتی لەدایك بوونی شارەوە لەسەدەی هەشتەمدا گریکەکان چەمکی سەروەری (السیادە) یان لەسەر داڕشتووە یان دروست کردووە ، لەچۆنێتی ڕوانینیان بەپێی نەرێتە باوەکان یان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتو سیستەمی کۆمەڵایەتی هەروەها لەنێوان پاشاو ئەوکۆمەڵە مرۆییەی کەملکەچێتی.

ئیمیل بنفینیست (emile benveniste) لەکتێبەکەیدا (پێکهاتەی دامەزراوە هیندۆ ئەوروپاییەکان) ئاماژە بۆ جیاوازی لەنێوان پاشایەتی بەمانا هیندۆ ئەوروپیەکەی لەلایەکەوە (rex بەلاتینی، و raj بەهیندی) و لەنێوان پاشایەتی لەلای گریکەکاندا دەکات. لەچەمکی سەروەری هیندۆ ئەوروپیدا ، زیاتر جەخت لەسەر ئەرکە پیرۆزەکان دەکرێتەوە تالە هێزی جەنگی. پاشا لەلایان زیاتر ئایینەیە تاسیاسی و ئەرکیشی بەڕێوەبردنی دەسەلاتو فەرمان دەرکردن نییە، بەلکو ئەرکی جێگیرکردنی ڕێساکان و دیاری کردنی هەقە . (پاشا) زیاتر لەقەشەوە نزیکە تا لەسەرۆك. لەیۆناندا، بەپێچەوانەوە، پادشا بەوە دیاریدەکرێت کە بریتییە لە (despoters) (دەسەلاتدار)، واتە ئەو کەسەی کە دەسەلاتەکەی بەشێوەیەکی وافراوان دەبێت کەمافی ئەوەی پێدەدا بەئارەزووی خۆی لەگەڵ ئەوانەدا بجولێتەوە کەمل بۆ دەسەلاتەکەی کەچ دەکەن . ئەمە وا لەئەرستۆ دەکات کەبلێ: ئەو دەسەلاتەی کەپاشا بەسەر رەعیەتەکەیدا پیادەی دەکات هەمان ئەو دەسەلاتە ڕەهایەیە کەلەلای سەرۆکی خێزان دەبینین بەرامبەر بەمندالەکانی، یان ئەوپیاوە ئازادەی کە لەبەرامبەر ئەو چەندان کۆیلەیەی کەهەیەتی پیادەی دەکات.

پێویستە ئەوەش بۆ تێبینییەکانی بنفینیست زیاد بکەین کە هودریکور (haudricourt) باسی کرد کە بەرامبەری یەك هەیە لەنێوان ئەرکەکانی پاشایەتی حاکم لەنێو ئەو گەلانەی کە بەکشتوکالەوە خەریکن وەك چینیە کۆنەکان، ئەو گەلانەی کە بەشوانکارەییەوە خەریکن‌و لەسەر پەروەردەکردنی ئاژەڵ دەژین هەروەك گریکەکانی کاتی هۆمیرۆس. لەحالەتی یەکەمدا، باشترین پاشا ئەوەیە کەهیچ شتێ ناکات، چونکە سیستەمی کۆمەلایەتی لەوەوە بلاودەبێتەوە، لەم سیستەمەدا هەموو تاکێك لەوشوێنەی خۆیدا کەداگیریکردووە دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕەمەکی‌و بەپێی سروشتە تایبەتییەکەی گەشەبکات. بەلام کردارە پادشاییەکان هەمیشە شێوەیەکی (ناڕاستەوخۆو نەگەتیف)ی تێدا وەردەگرن، وەکو لابردنی کۆسپەکان‌و ڕەخساندنی زەوییەکان‌و ئاودانیان، ئەم کردارە پادشاییانە بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان سروشتێکی ئیلزامییان نییە ، بەلام لەنێو گەلانی شوانکارەو پەروەردەکارانی ئاژەلاندا، بەخێوکردنی ئاژەڵ وای لەشوان کردووە کەتێڕوانینیان بۆ پەیوەندی نێوان پادشاو ڕەعیەتەکەی ڕێك وەکو ئەو پەیوەندییە وابێت کە شوانەکان لەگەڵ ئاژەلانی مێگەلەکەیدا هەیەتی، پاشا (شوانی گەلەکەیەتی) (polmen laon)، ئەمە ئەو گوزارشتەیە کەزیاتر لە ٤٠ جار لەئەلیادەواو زیاتر لە ١٠ جاریش لەئۆدیسەدا دەیبینین. کەواتە دەسەلات لەزەینی گریکدا بەشێوەیەکی تەواوی دەبەسترێتەوە بەبیرۆکەی (cratos) وە (واتە دەسەلاتی زاڵ) ، بەبیرۆکەی (bia) واتە زەبروزەنگی سەرەتایی . دوو نمونە هەن کەکۆمەك دەکەن بەلێکدانەوەی ئەو پێشهاتانەی لەم دوو نموونەیەوە دێن. یەکەم لەمسیودوسی نوسەرەوە وەریدەگرین دەربارەی ڕەچەلەکی خوا (lathe OGomie) دەگەڕێتەوە بۆسەدەی حەوتەمی پێش زایین، کە قەسیدەیەکی درێژەو ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن پێویستە لەسەر زیوس کەبووە بەخاوەنی خاوەندارەکان‌و سەرۆکی جیهان تا بەشێوەیەکی کۆتایی سیستەمێکی نەگۆڕی گەردونی دابنێ وەبۆئەوەی ئەم سیستەمە پێك بێت‌و بەردەوام بێت، پێویست بوو کە بەدەست پێشخەرییەکی پادشا دامەزرایەو

ڕێکبخرایەو سوریش بوایە لەسەر پاراستنی . ئەمە سەبارەت بەسیستەمەکە کەپێش بوونی دەسەڵات نیشان دەدات و زیوس تەنها ئەوکاتە بووە پادشا کەتوانی بەزەبری هێز نەیارەکانی جڵەو ملکەچ بکات لەبەرئەوەی ئەو خواوەندانەی ئۆلب کەشوێنی کەوتبوون (bie krai chesi dam asas) سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە (چارەسەرکردنی کێشەکەیان لەگەڵ پاڵەوانەکانی تیتان لەڕێگەی هێزەوە). گەیشتن بەدەسەڵات لەسەرکەوتندا ، لەتاقی کردنەوەکانی مێژدا ڕەنگی دایەوە بەهەبوونی دوو کەسێتی لەسوارچاکەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەلای هەردوو باڵی زیوسی پادشا، کەئەوانیش هەردوو کوڕەکەی ستێکسە (STEX) کەپەیوەست بوون بەخودی حاکمەوە وهەنگاوێك لێی دوورناکەونەوە ، بۆهەر شوێنێکیش بڕوات وەك سێبەرەکەی خۆی بەشوێنیەوەن . ناوەکانی ئەم دوانە بەتەواوەتی ئەوە دەردەخا کە ئەم دوانە کێن، یەکەمیان : ناوی (CRATOS) واتە دەسەڵات، دووەمیشیان : ناوی بیایە (BIA) واتە زەبروزەنگی سەرەتایی.

نموونەیەکی تر لەشانۆگەری (برومیپیوس بەکۆتکراوی) ی ئەسخیلۆسەوە وەردەگرین کەتێیدا زیوس رۆڵی حاکمێکی ڕەها دەبینێ ئەو تەقەمەنیانەی کەدەسەڵاتی زیوس ڕادەگەیەنن لەڕمو تیرو قامچیو حەیزەران پێکدێن. ئەو بەبێ پشت بەستن بەیاسا حوکمڕانی دەکات لەبەرئەوەی هەموو بوونەوەرێك، جامرۆیی بێت یان خودایی پشکی خۆی هەیە کەدیاریدەکاتو سنووریشی بۆدادەنێت . پشکی زیوس ئەوەبوو کە نەچێتە نێو چوارچێوەی ئەم دابەشکردنە حەتمییەوە. بەم شێوەیە لەبری ئەوەی مل بۆئەم دابەشکردنە کەچ بکات، دەبینین ئەو پەیڕەوی دەکات بەسەر هەموو تاکێکدا، بەو پێوەدانگەی کە سەروەری هەموانە.

سەبارەت بە گروپێکی مرۆیی کە هاوبەشن لەبوونی ئەم خەسڵەتە تایبەتو(پۆزەتیڤ)ە بۆڕەوشی حاکم گرفتەکە لەدیاریکردنی ئەو میکانیزمانە دانییە کە ڕەوشی حاکم پێك دەهێنێو جێگیری دەکات، نە لەپاساودانەوەی ملکەچی کردن بۆ دەسەڵاتەکەی، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو میکانیزمەی کە دەبێتە هۆی سنوردارکردنی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە بەسەر خەڵکی دیدا پیادەی دەکات. شێوازەکانی دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاستی سیاسی.

لەزمانی یۆنانیدا بۆ گوزراشت کردن لەپاشا سێ دەربڕین هەیە: یەکەم ANAX کە لەنێوان ١٤٥٠و ١٢٠٠ پ. زدا لەجیهانی مەکینیدا بەواتای ئەو کەسێتییەی دەگەیاند کە لەکۆشکەوە، بە یارمەتی نووسەرەکان(کاتب ـ موظف)، هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سەربازیو ئایینی لەمەملەکەتەکەیدا دەبات بەڕێوە.

ئاناکس گوزارشت کردنێکی ڕەهایە ، چونکە مرۆڤ یان دەبێتە ئاناکس یان نابێت ، هەروەها لەداستانی هۆمیریدا(سەدەی هەشتەم) دەبینن دەربڕینی ANAX نەماوەو بایەخی خۆی لەدەست داوە، لەکاتێکدا گوزارشتی BASILUS لەئاماژەکردندا بۆ پاشا بەکاردەهێنرێت. بەڵام گوزارەی BASILEUTEROS سروشتێکی بەراوردکاریانەی تێدایە. چونکە دەکرێ مرۆڤێك زیاتر یان کەمتر لەیەکێکی دی پادشا بێت

هەروەها دەکرێ BASILEUTEROS کەسێك پادشایی تر بێت لەخەڵکانی تر، واتە لەداڕشتەی باشتربووندا BOSILEUTATOS وەکو ئەوەی کە سەبارەت بە ئیگامامنون هەیە.
هەروەها لەسوپای ئاخیدا کە شالاوی سەربازی لەدژی تەروادە ڕاگەیاند. حاکمێکی ناوەندی بوونی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك لەپادشاو کەسێتییە پاشاییەکان سەرۆکایەتی تیپەکانیان دەکرد. هەریەکێکیان سەربەخۆیی تەواویان هەبوو. پەیوەندی نێوانیشیان بریتیی بوولەپەیوەندی نێوان ڕکابەرەکان، هەروەها نوخبەی ARISTOI یان پێکدەهێنا لەبەر ئەوەی باشترن. لەشەڕەکاندا بە ئازایەتییەکەیاندا جیا دەکرێنەوە بەبەها سەربازییەکاندا. یان بە جۆری ئەو تێڕوانینە گرنگانەیاندا کە لەئەنجومەنەکانی ڕاوێژکاریدا پێشکەشیان دەکرد. کەواتە هێزی جەستەو دانایی لەووتاربێژیو مامەڵەکردنی وورییایانەیان لەگەڵ زماندا لەخۆیاندا کۆکردبۆوە. کاتێك سوپا بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە لەئەنجومەندا کۆدەبونەوە ، حەلقەیەك پێکدەهات ناوەندی بەبەتاڵی لەمافی هەموان بەجێ دەهێشت. لەم شوێنە ناوەندییە بەتاڵەدا ، هەر کەسێك کەسەر بە نوخبە بێت BISTOI دەتوانێت بێتە پێشەوەو لەناوەڕاستی هەمواندا ڕاوەستێ MESEAGORE و سەوڵی(صوڵجان) SCEPTRON بەدەستەوە بگرێ کە نیشانەی سەروەری بوو خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکەی وەرگرتبوو، ئەو کاتە دەتوانی قسەکانی پێشکەش بکاتو بەو جۆرەی کە خۆی دەخوازێ قسان بکات. لەم شوێنەدا کەنێوی MESON و ئاسمانێکی هاوبەش وگشتییە، کە لەژێر چاودێریو دەسەڵاتی هەمواندایە، ئاخیل توانی ئەوەی لەدڵیدابوو دەریبڕێو بیکاتە شەڕەقسە لەگەڵ ئاگا مامنونی پادشای پاشاکاندا بەبەکارهێنانی هەموو ئەو زاراوانەی کە خۆی مەبەستێتیو بەبێ هیچ شەرم کردنێك ناوزەدکردنی بەسووك ترین مرۆڤی سەر ڕووی ئەم دنیایە. بەڵام گوزارشتی سێیەم بریتی یەلەTurannos، کەلەسەرەتای دەرکەوتنیدا تا ڕادەیەك هاوواتا(مرادف) گوزارەی BasIleus بوو، دواجار هەموو بەها نیگەتیڤەکانی دەسەڵاتی پێوەلکا. لەسەدەی پێنجەمەوە ئیتر ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو پاشایانەی کەڕێز بۆ شتە پیرۆزەکان دانانێت ولەدەرەوەی چوارچێوەی خۆشیو ڕابواردنە تایبەتییەکانیدا هیچ سنوورێك ناناسن، هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات سڵ لەهیچ سنوور بەزاندنێك ناکەنەوە، ئەگەر مەبەستی بێت دەتوانێ لەگەڵ دایکیدا بخەوێو باوکیشی بکوژێو منداڵەکانیشی بخوات:
ئەو بریتییە لەو تاکەی کەمل بۆ هیچ نەریتێك کەچ ناکات، هەر ئەمەش وایلێدەکات کەنەك قیزەوون بێت لەدەرەوەی سنوری شاردا، بەڵکو لەدەرەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتیشدا. سنووردارکردنی دەسەڵات سەبارەت بەو کۆمەڵانەی کەئەندامەکانی خۆیان بەیەکسان دەزانن (ئەمانیش لەو کۆمەڵەیەن کە دواتر هێندە فراوان دەبن کە هەموو هاووڵاتیان لەخۆدەگرن) مانای دانانی دەسەڵاتە CRATOS لەناوەندا بۆ ئەوەی مۆرکە کەسێتییەکەی پێوە نەمێنێو بۆ ئەوەی بکرێتە دەسەڵاتیکی هاوبەش تا هەموو کەس قسەی خۆی تیدا بکات، هیچ کەسیك مافی ئەوەی نییە کەتاك ڕەوی تیدا بکات.
ئەوەی کە دیمۆناکس (DEMONAX) لە (CYRENE)دا کردی لەنزیکەی ٥٥٠ی زایینییدا کاتیك کەدلف ڕای سپارد دەستورێکی نوێ دابنێت، ئەوە بوو هەندێك دەسەڵاتو پشبینی بۆ پاشا BATTOS بەجێ

هیشت، بەڵام (هەموو ئەو مولکانەی کە لەهەر پادشایەکی پیشوو دەمایەوە، خستنیە ناوەندوەو بەجێی هیشتن بـۆ گـەل (ESMESON TODMO ETHEKE) هـیرۆ دوت IV،١٦١ هـەروەها هـەر ئەمـەش کەکاموس لە COS کردی لەسەرەتای سەدەی پێنجەمدا (لەباوکی ستەم گەرییـەوە دەسـەڵاتێکی دامـەزراوی بەشێوەیەکی پتەو بەمیرات بۆ مابۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی ناوەندی کردەوەو بەجێی هێشت بۆ دانیشتوانی کوس ESNIESON KATHE IS THE ORCHEN و بەئارەزووی خۆیشی ئەم کارەی کرد، بـەبێ ئەوەی لەلایەن هیچ شتیکی بیزارکەرەوە (مزعج) هەڕەشەی کرابێتە سەر ، لەبەر ئەوەی ئەو لەمەدا پەیڕەوی لەو هەستە بەهیزەی داوەرەی دەکرد کەلە ناخیا بوو) (هیرودوت Vii،١٦٤) وەلە ٥٢٢پ ز) لەسـاموس، دەسـەڵات CRATOS لەدەستی MAIN DRIOS بوو. کە بولیکراتی ملهوڕ پێش مردنی پێی بەخشیبوو ئایا لەو کاتەدا چی بەهاووڵاتییـەکانی وت؟ (ئێـوە دەزانـن کـە صـولجانو هـەموو دەسـەڵاتەکانی بـولیکرات خراوەتـە دەستمەوە. ئەمرۆ دەرفەتی حوکمدارێتی ئێوەم بۆ هەڵکەوتووە. بەڵام من لەکەسێتی خۆم کەسێتییەکی وادروست ناکەم کەلەخەڵکی تردا بەخەوشم دەزانی، لەبەر ئەوەی بـولیکرات کـاتێ کـە وەك سـەرۆکیکی رەهـا حـوکمی کەسـانیکی دەکـرد کەلەگـەڵ خۆیـدا بەتـەواوەتی یەکـسان بـوون ( DESPOZON HOMOIN EOUTO) ڕەزامەندی منی وەرنەگرتبوو. من لەکاتیکدا کە دەسەڵات بەناوەند دەسپێرم پیتان ڕادەگەیەنم کە ئێـوە هـەمووتان لەبەرامبـەر یاسـادا یەکـسانن ( ES MESO TEN ARCHEN TITHEIS ISOMOMIEN HUMIN PRAGOREUO) هەروەها من ئازادیتان پێدەبەخشم) (هـیرودوت) ١٤٢، III). کۆکردنەوەی دەسەڵات لەناوەنددا بەو مانایە دێت ئەو بڕیارانەی دەچنە خانەی بەرژەوەنـدی گـشتی یەوە پاش دایەلۆگیکی گشتی پەسەند دەکریت، کەهەموو کەسێك دەتوانێت بەشداری تیادابکات وەجـێ بـەجێ کردنیشی لەڕێگای کۆمەڵێك هاووڵاتییەوە دەبێت: واتە هەر یەکێك لەو کەسانە، بەسـەرە دێـت بـۆ ناوەنـد بـۆ ئەوەی ئەرکە جیاوازەکانی دەستەی حوکم کردن وەربگرێو پاشان بەجێی دەهێڵێ بۆ یـەکێکی دی. بـەم شـیوەیە یاسا HOMOS و دادوەری DIKE بوون بە ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی تاکڕەو، هیچ کەسێك پاشانی یـە جگـە لەیاسای گشتی NOMOS BASILEUS ئەم سـنوردارکردنەی دەسـەڵات دەبوایـە لەهـەمان کاتیـشدا خەسڵەتی پیرۆزی دەوڵەتیشی نەهێشتایە، بەرژەوەندییە هاوبەشـەکانی کۆمـەڵو کاروبـارە مرۆییـەکان بـەهۆی دایەلۆگە گشتییەکانەوە واچارەسەر بکرێن کەکاروبارێکن سەر بـەبوارەکانی شـیکردنەوەی زەینـیو سـەرنج دان لەئەزموونەکانی پێشوو وبیرکردنەوەی پۆزەتیفانەن.

لەسەرەتای سەدەی شەشەمەوە ، شێوەیەك لەشێوەکانی بیرکردنەوە دەرکەوت کە جیاوازییـەکانو بڕیـارە سیاسـی یەکان هاوشان لەگەڵ ڕەوتی عەقڵانییەتدا بەیەکسانی سەیر دەکات.

کاتیك ئەسینا کەلەسەروبەندی جەنگـدا بـوو، هەسـتا بەبەخـشینی جڵـەوی حـوکم ARCFHONTAT ٥٩٤- ٥٩٣پ .ز دا بۆ ئەوەی لەکێشەکەدا ببێتە حەکەم، بۆ ئـەوەی شـارەکە لەگـەڵ خۆیـدا ئاشـت بکاتـەوە، لەلاواندنەوە قەسیدەکانیدا دەنووسێ: (سۆلون لەیەك کاتدا فەیلەسوفو شاعیرو دەوڵەتمەندیش بوو) ئەو دژ بەوە بو کەبەپێی هێزی ملهوری بجولێتەوە، هاوسەنگی لەنێوان هێزوو دادوەریـداBIEET DIKE NOMOU

پێکبێنیٚ Cratos ئەم یاسا هاوبەشە لەنێوان هەموانو ئەوەی لەلای هەمووانەوە ناسراوە یاسایەکی مرۆییـە و لەهەمان کاتیشدا هیزی دەسەڵاتو هەیمەنەش هەیە، باسەر لەنویٚ گویٚ بۆ سۆلون بگرین (بەفرو سـاردی هێـز لەهەورەوە وەردەگرن، تریشقەش لەتیشکی درەوشاوەوە، بەڵام شار لەلایەن ئەو کەسانەوە وێران دەبێت کـە مـەزن بوونیان لەئاستێکی زۆر بەرزو سنوور دایە، تەنها نەزانییە کەوا لەگەل DEMOS دەکات مل کەچ بکات بۆ MONARCHIA واتە بۆ دەسەڵاتی تاکە پیاوێـك. دانـانی دەسـەڵات لەناوەنـدداو وهاوبەشـی کردنـەوەی، هەروەها بەمانای داماڵینیتی لەناڕۆشنییەکەییو بۆ ئـەوەی ببێتـە هـۆی هانـدانی بیرکردنـەوەو دایـەلۆگیکی ئاشکرا.

بەم شێوەیە دواتر ووشەی PLITEIA نەك هەربەسەر هەموو جۆرەکانی دەستوورەکاندا پەیرەو دەبێـت کـەئیتر پیناسەکردنو پۆلینکردنو بەراوردکردن لەنێوانیاندا دەبێتە پێویستی یەکی گرنگ، بەڵکوبەسەر هـەموو ئـەو دەستورانەشدا پەیرەو دەبێت کە لەوانەیە بەپرۆسەیەکی بیرکردنەوەی زەینیـدا بـیر لـەدانانو دەسـتکاری کردنـی بکرێتەوە لەکاتی کێشانی وێنەیەکی خەیاڵیدا بۆ دەستورێکی نمونەیی.

لەو دەمە بەدواوە ئیتر سیاسی تەنها لەمومارەسە دامەزراوەیییەکاندا ئامادەیی نییەو بەس، بەڵکو بووە بە(خود هۆشیاری)، مـۆرکیکی ڕووتـی مرۆیـی بەخـشیوە بـەژیانی هاوبـەشو بـەو ئەندامانـەی کەلەهـەمان کیانـدا کۆبوونەتەوە .

سەرچاوە: گۆڤاری (النهج – خریف ١٩٩٨).

و: عەرەبی: د. حنان قصاب حسن